# تەوەری سێیەم / تایبەتمەندی مرۆیی کوردستان

باسی یەکەم- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە

باسی دووەم- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە

باسی سێیەم -دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە

## باسی یەکەم- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی پێکهاتە

### 1- کورد

بە گوێرەی ئاماری 1996 ڕێژەی 76٪ دانیشتوانی کوردستان پێکدێنن، ئەمەش دوای ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو نکۆڵی لە بوونی کراوەو پاڵەپەستۆیان خراوەتە سەر کە بە نەتەوەی تر خۆیان بنووسن و سەرەڕای سیاسەتی دەرکردن و گواستنەوە ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر لە کورد ڕوو لە هەندەران بکەن بەتایبەت وڵاتەکانی ئەوروپا.

## 2-توركمان

ژمارەیەك لە دانیشتوانی کوردستان پێکدینن و دەربارەی ڕەچەڵەکیان دوو بیروڕا هەیە، یەکەمیان پێیان وایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەربازە کوردانەی ، کە عوسمانییەکان لە شکرێکیان لێ دروست کرد دژ بە سەفەوییەکان ، بیروڕای دووەمیش ئەوەیە، کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا فەرمانبەربوون ، چونکە دەبوایە تورکی بزانن ، ئەم ناوە دوای ڕوخانی عوسمانییەکانیش هەرمایەوە.

## 3-عەرەب

سەرەتای پەیدابوونیان دەگەڕێتەوە بۆنیوەی یەکەمی سەدەی حەوتی زایینی کە شوێنی بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ نیمچە دوورگەی عەرەب و لە دوای بلاّوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان جێگیربوون و دواتریش لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەبکردن ڕێژەیان بەرەو زیادی چوو.

## 4-عەجەم

دوای نەتەوەی عەرەب دێ ڕەچەڵەکیان تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ، یەکێ لە بیرو ڕاکان ئەوەیە دەگەڕێنەوە بۆتورك و خۆشیان لە هەوڵی چەسپاندنی ئەوەن کە بە تورك هەژماربکرێن.

## 5-فارس

ڕێژەیان دوای عەجەمەکان دێت و بەزۆری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەژین.

## 6- جگە لە مانە کلدان و ئاسوور و ئەرمەنی بە ڕێژەی جیاواز لە کوردستاندا بوونیان هەیە

# باسی دووەم- دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ژینگە

واتا دابەشبونی دانیشتوان بەپێی شارو گوند . دیاردەیەکی ئاساییە کە ژمارەی گوندنشین لە ولاٌتە پێشکەوتووەکان زۆر کەمترە لە ژمارەی شارنشین ، بەلاٌم سەبارەت بە ولاٌتە تازەپێگەیشتووەکان ژمارەی شارنشین کەمترە لە ژمارەی لادێنشین ، هەرێمی کوردستانیش هەرچەندە لە ڕیزی ولاٌتە تازە پێگەیشتووەکانە ، بەلاٌم ژمارەی شارنشینی زۆرترە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی.

## باسی سێیەم -دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی قەبارە

### 1- تورکیا

ژمارەی کورد لە تورکیا زیاترلە  (20) ملیۆنە . لە (21) پارێزگا بوونی هەیە لەکۆی (81) پارێزگایەی کە تورکیای لێپێکدیت .

ناوچە کوردییەکان دەکەونە ڕۆژهەلأت و باشووری ڕۆژهەلأتی تورکیا  وەك : دیاربەکر ، وان ، ئورفە، ماردین ، هەکاری ، بەتلیس ، شرناخ ، قارس، مەلاتیە ، دەرسیم (تونجەلی) ، باتمان ، ئالازیغ، بینگۆل ، موش ، ئەدییمان ، سیرت ، گازی عەنتاب ، مەرعەش،.... هتد).

# 2- ئێران:

ژمارەی کورد لە ئێران زیاتر لە (10) ملیۆنە. لە ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژئاوا باشووری دەریاچەی ورمێ بڵاوبوونەتەوە ، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە : مهاباد ، سنە ، قەسری شیرین ، کرماشان ، بۆکان ، سەقز، سەردەشت ، بانە، مەریوان ،....هتد . ناوچە کوردە لوڕەکانیش بریتین لە لورستان و ئیلام و بەختیاری و.... هتد .

# 3- عێراق :

ژمارەی  کورد لەعێراق زیاتر لە (6) ملیۆنە بەشێوەیەکی سەرەکی لە شارەکانی  باکورو باکووری ڕۆژهەلأت بلأوبوونەتەوە ، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە : هەولێر ، سلێمانی ، کەرکووك ،هەلەبجە ، دهۆك، و قەزاکانی تر وەك شەنگال  و زومار و شێخان ئاکرێ وحەمدانیە و لای چەپی موصل خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە و هەندێ ناوچەی تر.

# 4-سوريا:

ژمارەی کورد لە سوریا زیاتر لە (2) ملیۆنە ، ناوچە کوردییەکان دەکەوێتە باکورو باکوری ڕۆژهەلاّت ، ئەم شارو ناوچانە دەگرێتەوە : پارێزگای حەسەکە بە تایبەتیش قەزاکان و ناوچەکانی قامیشلی و مالیکی و ئامودە ودەرباسی و سەرێکانی دەگرێتەوە ، لە پارێزگای حەلەبیش ناوچەکانی کۆبانێ و عەفرین و شارەکانی ئیدلیب و لازقیە ، لە هەندێ شاری تریش وەك دیمەشق ،جولان ....هتد.

5-هەندێ وڵاتی تر: وەك لوبنان ، ئیسرائیل ، پاكستان ، ئەفغانستان ، وڵاتەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو لەوانە(ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان، توركمانستان ) ، سەرەڕای ژمارەیەكی زۆری كوردی نیشتەجێ لە ئەوروپا.

# تەوەری چوارەم / ژیانی ئابووری لە کوردستاندا

1- کەرتی کشتوکاڵ

2- کەرتی سامانی ئاژەڵ

3- کەرتی پیشەسازی و کانزاکان

4- کەرتی گەشت وگوزار

# 1- کەرتی کشتوکاڵ

## کشتوکاڵی کوردستان

کشتوکاڵکردن بۆیەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بووە ، هەرئەمەش مرۆڤی ناچارکردووە لە ئەشکەوتەکان بێتەدەرەوەو خانوو گوند دروست بکات بە مەبەستی خۆپاراستن وحەوانەوە ، گوندی چەرمۆش کە کەوتۆتە هەرێمی کوردستانەوە ولە نزیك شاری چەمچەماڵ بەیەکەم گوند دادەنرێت لە جیهاندا و هەتا ئەمڕۆش کۆنترین گوندی کشتوکاڵییە کە دۆزرابێتەوە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ( 6000-10000) ساڵ لەمەوبەر . وە یەکەمین هەوڵیش لە بواری کشتوکاڵیدا چاندنی دانەوێڵەو سەوزە بووە. لە ئێستاشدا هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە سامانی ڕووەکی ، چ لە ڕووی بوونی چەندین داری جۆراو جۆری وەك : بەڕوو ، گوێز ، بادەم ، بادەمی کێوی ، هەنار ، سماق ، توو ، سنەوبەر، ... هتد

یاخود لە ڕووی گیاو گوڵی خۆڕسکییەوە کە بۆ ڕەنگ و کاری پزیشکی و سمغ و بۆن و خۆراك بەکار دەهێندرێن .

## 2 - کەرتی سامانی ئاژەڵ

کوردستان خاوەنی سەرمایەکی زۆری ئاژەڵە ، ژمارەو جۆری ئەو ئاژەڵانەش کە لە کوردستان بەخێودەکرێن ، مەڕ بە پلەی یەکەم و بزن و مانگا بە پلەی دووەم و سێیەم ، ئامانج لە بەخێوکردنی ئەم ئاژەڵانە بۆ گۆشت و شیرە بە پلەی یەکەم و خوری و پێست بە پلەی دووەم ، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان شێوازی کشتوکاڵی تێکەڵاو پەیڕەوی دەکرێت ، واتە بەرووبوومی ڕووەکی شانبەشانی بەخێوکردنی ئاژەڵ.

## 3 - کەرتی پیشەسازی و کانزاکان

له بەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە ، پیشەسازی له وڵاتەکەماندا گەشەی نەکردووە بەڵام هەندێ کارگەی بچوك له شارەکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی و کرماشان و سنەو دیار بەکرو عەفرین ...هتد هەن . هەرچی کانزاکانیشە ئەوا نەوت بە گرینگترین سامان دادەنرێت له کوردستان ، چونکە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی و بە تایبەتی سامانی نەوت . هەر ئەم سامانەشە وای لە کوردستان کردووە ببێتە گۆڕەپانی شەڕی هەرێمایەتی و وای له وڵاتە داگیرکەرەکان کردووە کە بە درێژایی مێژوو داگیری بکەن و خێر و بێری ببەن . بیرە نەوتەکان له هەموو شوێنەکانی کوردستان بڵاوبوونەتەوە ، گرنگترین ئەم کێڵگە نەوتییانەش بریتین له :

1- سعرەت و باتمان له كوردستانی توركيا .
2- شاه ئاباد و قەسری شيرين له كوردستانی ئێران.
3- (عين زاله ) له موصل و (بابەگوڕگوڕ – بای حەسەن – زەنبوور ) له كەركووك و (شيواشۆك) له هەولێرو (تاوكی) له دهۆك (نەفتخانه) له خانەقين له كوردستانی عێراق .
4- ( رمێلان ) له كوردستانی سوريا.

هەروەها كانزای تر هەن له كوردستان وەكو ( ئاسن ، مەنگەنيز ، مس ، فۆسفات ، يۆرانيۆم ، گۆگرد ، كرۆم ، بەردی بەنرخ ، .... هتد.

# 4 - کەرتی گەشت وگوزار

کەرتی گەشتیاری کەرتێکی گرینگەو لە جەژنەکان و بۆنە نەتەوەیی و وەرزییەکان بە سەدان هەزار هاوڵاتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و لە دەرەوەش دێنە کوردستانی عێراق و بەم هۆیەوە سەرمایەکی زۆر دێتەوە کوردستان و جموجۆڵی بازرگانی بەهێز دەبێ .

# مێژووی کوردو کوردستان